# فێنۆمێنی چەکل

کاوە جەلال

"چەکل" توانجێکی یان پێڕابواردنێکی سلێمانیانەیە، لێ گەرەکە بەدەر لەوە وەک فێنۆمێن وەربیگرین و ڕەخنەییانە پێوەی خەریک ببین، چونکە لە هەموو بوارەکانی ژیانی کوردان (ی نێو ئێراق)دا تەنیوەتەوە، بەڵێ تەنانەت لە مارشی سەندنی سەروەریدایە.

ئاشکرایە وشە تەنیا دەربڕینی زارەکی نییە، بەڵکو هاوکات ناوەرۆکێک یان ڕەوشێکی دەروونی لە خۆدەگرێت، وەک "سازگار"، "هێمن". هەروەها وشەی دیکە هەیە کە ئەویش واتاکەی ڕۆشنە، بۆ نموونە وشەی "چڵ"، لێ ئەمیان وەک دوو وشە ناوبراوەکەی دی لە ناوەڕۆکێکی هەستەکییەوە دەرنەکێشراوە، بەڵکو ئێمە لە دەرککردنەوە دەزانین کە "چڵ" بەشێکی باریکتر و نەرمتری درەختە لە لقەکەی، ئەمیش باریکتر و نەرمترە لە قەدەکەی. لێ وشەی چەکل بە پێچەوانەی ئەو نموونە هێنراوانەی سەرەوە، هیچ ناوەرۆکێک دەرنابڕێت. هەردوو دەنگی "چە..." و "...کل" زۆر سەیر پێکەوە گرێدراون، ئەوها دەنوێنێت هەروەک پێکەوەگونجاویی دەنگییان یەکی خستبن، هاوکات نەشیاو نییە لە چەقەڵ / چەکەڵ / شاکاڵ-ەوە وەرنەگیرابێت. گەر ڕەفتاری چەکل وەربگرین، کلکەلەقێکانی، بێسەروبەرییەکەی، چاوەڕوانییەکەی بۆ خواردنی لاکی ڕاوکراو و هتد، ئەوا پێدەچێت ئەو گریمانەیە نالەبار نەبێت ــ ئەمە بێگومان تەنیا گریمانەیە.

ئێمە بە هەوڵێکی دیکەی بەراوردکاری باشتر دەتوانین لە فێنۆمێنی چەکل نزیک بکەوینەوە، واتا گەر بیخەینە بەراوردەوە لەتەک فێنۆمێنی "چڵێت"دا ( کەواتە، وەک فێنۆمێن، سەربەخۆکراو لە ڕەچەڵەکی مێژوویانەی سەرهەڵدانی لە سلێمانی، بێگومان هاوکات لەگەڵ ڕێزدا بۆ کەسی ئەوها ناونراو، چونکە بەگوێرەی وەسفکردنەکانی ئەو کەسە لەتەکیدا یەکناگرێتەوە، واتا لە ڕەوتی بەگشتیبوونیدا واتایەکی دیکەی وەرگرتووە).

"چڵێت" دەشێت ئاماژە بێت بۆ تلیسانەوە، یان بۆ سەغڵەتکەرێکی لکاو بە کەسانەوە، هاوشێوەی چڵ-م-ی چۆڕاوە بە لووتدا. بە هەر حاڵ لێرەش "چڵ" و "-یت"ی پێکەوەگرێدراو وەک وشە هیچ ناوەرۆکێکی لە خۆ نەگرتووە، هیچ ئاماژەیەک نادات، بەڵکو دەشێت گەمەیەک بێت کە بۆ خاتری ڕاگەیاندنی سانای زار بە خودی "چڵ" بکرێت و لە سپۆنتانێتیی (عەفەوییەتی) خۆڕاگەیاندنەوە بێتەگۆڕێ. وشەکە خۆی، وەک خودی ئەو وشەیە، ئەوها دەرفەتی گەمەی زمانیانە دەدات. ئێمە دەتوانین بۆ پتر تێگەیشتن لەم ڕەوشە دەنگی "ڵ" بە وێنە وەربگرین: زۆر دەشێت چەنەبازییەک کە کەس لێی تێناگات و مایەی سەغڵەتییە بۆ کەسانی دەوروبەر، وا لەو کەسانە بکات کە بەو چەنەبازە ڕاببوێرن، واتا سزای بدەن و بە پێڕابواردنەوە پێی ببێژن: "دە بەسە بڵتە بڵت!". ئێمە ڕەوشێکی بەم چەشنە، لێ لە پەیوەندیی دیکەدا، لای گریکەکانی ئەنتیکە دەبینین: ئەوان کە خۆیان لە بێگانان بە مەزنتر دادەنا، لێ لەبەر ئەوەی لە دەربڕینەکانیان تێندەگەیشتن، ئەوا بێگانەکانیان لە شێوەی ئاخافتنیانەوە ناو دەنا "باڕ-باڕێس" (بەڕبەڕەکان) کە بە کوردی واتای "بڵتە-بڵت-کەران" دەگەیەنێت.

گەرچی دەربڕینی وشەی چەکل وەک دەربڕینی وشەی چڵێت لەسەر زار ناخۆش نییە، سەرەڕای ئەوە نیشانەی ئەوە نییە کە گۆیا لە خۆشەویستییەوە سازێنرابێت، وەک چۆن بۆ نموونە کوڕێک برادەرەکەی ناودەنێت خولە، عەبە، حەمە و هتد. چەکل هەرگیز لە داکەوتدا بە جیددی وەرناگیرێت و مرۆ حەز بە نزیکبوونەوەی ناکات. کاتێک چڵێت زۆرتر مۆرکی تەپۆ، دوورەپەرێز، بێتاقەت و هتد-ی هەیە، ئەوا چەکل سرکە، زۆر حەزی لە کلکەلەقێ و خوانواندنە لە نێوەندی گشتیدا، ئەوە بێگومان بەبێ ئەوەی ئەو

لێرەدا خودی خۆی بێت، بەڵکو ئەو کەسانە بە نمونەی لاساییکردنەوە وەردەگرێت کە وریا و ناسک و چالاکن، ئەمانەش بێگومان کەسانی ئەوتۆن کە بە هیچ شێوەیەک حەز بە نزیکی لە چەکلەکان ناکەن. ئاخر چەکل نە وریایە، نە ناسکە، نە چالاکە. بۆیە کاتێک چەکل لێیان نزیک دەکەوێتەوە، ئەوا ڕاستەوخۆ پێی دەبێژن: "دە لاچۆ چەکل"! ئەی ئەو؟ ئاخ ئەو! ئەو چەکلە! دەمی پان دەکاتەوە، ئەوجا خیش دەکات و بە نابەدڵی لێیان دووردەکەوێتەوە. سەرباری ئەوە هێشتا هەر واز ناهێنێت! نەخێر، ئەو تەنیا بە جەستەی لە ئەوان دوور دەکەوێتەوە و لە دوورەوە بە تیلی چاو هێشتا هەر لە ئەوان دەڕوانێت.

کەواتە چەکل پڕمەترسییە!

ئاخر چەکل هەردەم "چاو-لێ-کردووە" و بە چەشنێک بووە بە دیلی "چاو-لێ-کردن"ەکانی خۆی، کە ئیدی بەبێ لاساییکردنەوە ناتوانێت پێناسەی خۆی بکات، ئەوجا لەبەر ئەوەی بوێریی نییە چەکلێتیی خۆی بسەنگێنێت، بەڵکو دیلی ڕێژەکانە، ئەوا شوناسی نییە! چەکل خەوشێکی کارەکتەرە.

چەکلی "چاو-لێ-کردوو" هەرگیز کۆڵ نادات، هەردەم لە مەیداندایە و هەرگیز لە مەیداندا نییە: ئەو لە گشت لا دەبینرێت و ئەوەش دەشێت زۆر سانا دەوروبەری لەخشتەبەرێت، چونکە بینینی زۆری ئەو وا دەکات نەبینرێت کە ئەو هەردەم چاوەڕێی هەلە. لێ ئایا پەیوەندییەکان هەروا ئاسانن؟ نەخێر، ئیگنۆرانس، فیزداری و لەخۆباییبوونی سوننەگەرایان، کە خۆیشیان بە هەلە هەڵکەوتووەکان دەژین و هەردەم بینیویانە کە چەکلەکان هەردەم دەڕوانن داخۆ کێ ی دەرکەوتوو لەکوێ دەرگە لە ئەوان بکاتەوە. بۆیە دەشێت ئەمان پتر کاریگەر بن لەوەدا کە چەکلەکان بە ڕیز مارشی سەرکەوتن نمایش بکەن. ئاخر وەک گۆتمان چەکل بەهاکانی پێناسەکردنی خۆی لە دەرەوە وەردەگرێت و دەیانکات بە ڕێنومای ژیانی. ئەوجا ئەوی کۆڵنەدەر هاوکات بەهۆی کەلاخستنییەوە بە بوغز تەنراوە، بۆیە هەر دەرفەتێکی بۆ بێتە پێشەوە، بۆی دەبێت بە هەلی تۆڵەسەندن لە سەرجەم جڤاک، لە کولتوور، بەڵێ لە خودی ئەخلاق. ئەم دیلەی ڕێژەکان تا بۆی بکرێت بنەڕەتەکان لەکاردەخات! ئاخر چەکل کێم ی دومەڵە کە لە ژیانی کولتوورەوە فیچقەی کردووە، هەروەها بەهۆی بینینی خۆیەوە لە ڕێژەدا تەنیا وەک پاشکۆ و بندەست دەتوانێت بە چۆڕانەوە چالاک ببێت، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە کەسانی دی بە هەڵوێستمەند سوننەگەرایانی ئیگنۆرانتەوە بێزی لێ دەکەنەوە. ئەو وەک چاوە-ڕوان، ڕاستتر بێژین وەک چالاکێکی کەلاکەوتووی چاو-لێ-کردوو، چاوەڕوانی هەلە بۆ وەرگرتنی ڕۆڵەکەی. ئەوجا دەبێت چە هەلێک لەوە لەبارتر بێت کە بەدووی خۆسەپاندنی کولتووری و سیاسیی کەسانی جاهیل و بەدجۆربوودا دەڕەخسێت؟ بەڵێ لەوە "هەلی مێژوویيتر" بۆ چەکل ناڕەخسێت! بەم شێوەیە چەکلی بەردەوام پێشخواردۆوە هێدی هێدی، لێ بە خشکەیی، کودەتای خۆی بەسەر هەمووواندا دەکات، بە تایبەتی بەسەر "ئەوان"دا کە هەردەم پێیان دەگۆت "دە لاچۆ چەکل!" ئەو سەردەمە بەسەر چوو! ئێستا چەکل لە کەناری خۆمۆکییەوە "دێتە پاڵ"، بەڵێ تەنانەت "دێتە نێوانەوە": ئەو دێتە "پاڵ" بەڕێوەبەر، مامۆستای زانکۆ، تەنانەت دەگات بە ئاستێک کە لە تەنیشت ئەم یان ئەو سەرۆکەوە دابنیشێت، لە بارەگای پارتی سیاسیدا ببێت بە خاوەنی مێزی خۆی! بە چەقەنەیەک، لەسەر نامەی دەمانچەییەک، بڕوانامەی ماستەر یان دکتۆرا یان هەردووکیان بەدووی یەکدا وەربگرێت! لە وەزارەتدا پۆستی باڵای هەبێت! لە ئەنجومەنی پارێزگەدا! لێ هاوکات و بەردەوام سەفتە دۆلار یان سەفتە بیستوپێنجی بخاتە گیرفانی کراسەکەیەوە، کە بە لاستیک پێکەوە ڕایاندەگرێت تا سەفتەکەیان تێکنەچێت.

بەم شێوەیە ئیدی لە گشت لا چەنەی چەکل دەبیسترێت، لێ تا بۆی بکرێت هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی دەستەکەی بە شارراوەیی بهێڵێتەوە، لێ تەنیا ئەو خۆی باوەڕ دەکات کە دەستەکەی شارراوەیە، بە پێچەوانەوە کەسانی دی دەیبینن! ئەمە یەکێکە لەو هۆیانە کە بۆچی ئەو هەرگیز بە سەقامگیریی دەروونی ناگات. ئاخر ئەو کە هەردەم لە هەوڵی قۆزتنەوەی هەر هەلێکدایە، هاوکات لەوەش بەئاگایە کە دەشێت هەلە هەڵکەوتووەکان نەمێنن، بۆیە دەشێت بە شانازییەوە ڕانک و چۆغەی گرانبەهای هەورامی بپۆشێت،

لێ هێشتا هەر لە جانتاکەیدا دیسداشە و عەگالێکی شاردبێتەوە. ئاخر کێ نالێ ...؟ ئەرێ ...! کاکە جیهان پڕە لە مەترسی!